# ڕەوتی سەدر لەپاش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

07-01-2024

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** لە دەرەوەی ئەگەری خۆپیشاندان و گرژی، یەکێك لە سیناریۆ گریمان کراوەکانی بەردەم ڕەوتی سەدر گەڕانەوەی بەهێزە لە هەڵبژاردنی 2025، بەپێی ئەم سیناریۆیەش سەدرییەکان دەرفەت و چانسی ئەوەیان هەیە وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لێشاوێك دەنگدەر بەرەو سندوقەکان بجووڵێنن و سەنگ و پێگەیان بەهێزتر بکەن و بە ڕێژەیەکی زیاتر ڕکابەرەکانیان بە جێبهێڵن.

لەپاش بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان و ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی، هێندەی دیکە دوورەپەرێزی و بایکۆتی سەدر و ڕەوتەکەی بۆ پرۆسەی سیاسی عێراق یەکلابوویەوە. ئەم هێزە سیاسییە کۆمەڵایەتییە عەقیدەیییەی کە لەپاش 2003، بەردەوام زیاتر لە چارەکی جەماوەری شیعەی لە هەڵبژاردنەکاندا لەگەڵ بووە، لە پاش چوونە دەرەوەی لە پەرلەمان لە نێوەڕاستی حوزەیرانی 2022، ئێستا هیچ نوێنەرێکی لە ئەنجوومەنە خۆجێییەکاندا نییە. ئەویش لەکاتێکدایە کە لە دوا بەشداریکردنی هەڵبژاردن (2021)دا دەورووبەری 900 هەزار دەنگی لە کۆی 2 ملیۆن و 500 هەزار دەنگی هێزە شیعەکان بە دەستهێنابوو. بەوەش 9%ی کۆی دەنگەکانی سەرانسەری عێراقی لەو ساڵەدا بردبوو کە کۆی گشتی دەنگەکان نزیکەی 10 ملیۆن دەنگدەر بووە.

لەپاش هەڵبژاردنی 18 کانونی یەکەمی 2023، لە 5ی کانونی دووەمی 2024دا سەدر بانگەوازی بۆ نوێژێکی جومعەی بەکۆمەڵ و یەکگرتوو لە 13 پارێزگا و قەزای سامەڕا کرد، پاساوی بانگەوازەکەش ساڵیادی لەدایکبوونی "فاتیمەی زەهرا" و یادکردنەوەی زیندووکردنەوەی مەراسیمی نوێژی جومعە بوو لە ناو شیعەی عێراق لەلایەن محەمەد سادق سەدری باوکی موقتەداوە لە ساڵانی نەوەدەکان، بەڵام دەکرێت ئەم چالاکییە وەك یەکەم هەوڵی سەدرییەکان بۆ نمایشی جەماوەری بەرامبەر بە جەماوەری هێزەکانی چوارچێوەی شیعی لە هەڵبژاردن تەماشا بکرێت. هاوشێوەی قۆستنەوەی جەنگی غەززە لەلایەن ئەم ڕەوتەوە بۆ هاتنە سەرشەقام و پیشاندانی گوێڕایەڵی بۆ ڕێبەرەکەیان لە ڕێگای ڕۆیشتن بەرەو سنوورەکانی ئوردن.

یەکێك لە پرسیارە سەرەکییەکانی پاش هەڵبژاردنی پارێزگاکان، پەیوەستە بە چۆنیەتی مامەڵەی سەدر لەگەڵ باڵادەستیی ڕکابەرە شیعەکانی. لایەنەکانی چوارچێوەی شیعی لە پاش حکومەت و پەرلەمان، ئێستا لە ئەنجومەنە خۆجێییەکانی پارێزگاکاندا لە نیوە زیاترن. هەندێك لەو پارێزگایانەش لە چەشنی نەجەف و میسان، تائێستا لەژێرهەژموونی پارێزگارە سەدرییەکاندان. هەندێك دزەپێکردنی سیاسی ئاماژە بەوە دەکەن کە محەمەد شیاع سوودانی داوای کردووە لە پێناو پارێزگاری لە ئاسایش و ئۆقرەیی پارێزگا شیعییەکان، لەم خولە نوێیەدا زیاتر لە پۆستی پارێزگارێك بدرێتەوە بە سەدرییەکان. کۆمەڵێك لە هێزە شیعەکانی چوارچێوەش لەسەر ئەم داواکارییە رازی بوون جگە لە مالیکی و خەزعەلی کە دوو ڕکابەری سەرسەختی سەدرن، بەڵام هەندێك زانیاری دیکەی جێگە متمانە باس لەوە دەکەن کە سەدرییەکان ئەم دەستپێشخەرییەیان قبووڵ نەکردووە، بەڵکو هاوتا شیعەکانیان ئاگادار کردووەتەوە بەهیچ شێوەیەك ئامادە نین بچنە ژێر منەت و چاکەیان بۆ دانانەوەی پارێزگارەکانیان، باسیان لەوەش کردووە ئەوان کە لە دەرگاوە لە پرۆسەی سیاسی و بەشداریکردنی هەڵبژاردن چوونەتە دەرەوە، ئامادە نین جارێکی دیکە لە پەنجەرەوە بگەڕێنەوە، هەر بەم هۆیەشەوە لارییان نییە لەوەی هێزە شیعەکان، پارێزگارە سەدرییەکانیش هاوشێوەی کورسییەکانی پەرلەمان ببەن بۆ خۆیان. بەهۆی ئەوەی سەدر هەموو دەرگاکانی پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەی خۆی داخستووە و لە قۆناخی گۆشەگیری سیاسیدایە،

هەروەها خۆی و بازنە بەرتەسکەکەشی هیچ سیاسەتڤانێك نابینن، ئەستەمە هیچ لەم زانیارییانە پشت ڕاست بکرێنەوە، بەڵام ئەوەی تائێستا یەکلاییە، گرنگی نەدانی سەدرە بە پێشهاتە سیاسییەکان و بەجێهێشتنی ڕکابەرەکانییەتی لەنێو گێژاوی پرسیار و لێکدانەوە و گریمانەکردن لەبارەی پلان و بەرنامەکانی داهاتووی ئەو. ئەمەش یەکێکە لە کێشە بەردەوامەکانی چوارچێوەی هاوئاهەنگی شیعەکان.

ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە کۆتایی 2023دا دەریخست کە سەدر لە هاوبەش و بەشداری سیاسی هێزە شیعەکانەوە گۆڕاوە بۆ "دژێکی جۆری"، بەو واتایەی ئامادە نییە بە پێی ڕێسا نەریتی و باوەکانی پاش 2005 ڕکابەرییان بکات و پرۆسەی هەڵبژاردنیان لەگەڵدا جەماوەریتر بکات، ئەمەش مایەی نیگەرانی و دڵەخورتێیە و دەرگا بە کراوەیی دەهێڵێتەوە بۆ ئەگەری پەنابردنە بەر ڕێگای دیکەی لە چەشنی خۆپیشاندان و مانگرتن یان گرژی و پێکدادان، بەتایبەت کە لە بەسرە و پارێزگا شیعەنشینەکاندا، ناو بەناو گرژی و پێکدادانی سنووردار لە نێوان سەدرییەکان وهەندێك هێزی شیعەدا ڕوو دەدات.

لە دەرەوەی ئەگەری خۆپیشاندان و گرژی، یەکێك لە سیناریۆ گریمان کراوەکانی بەردەم ڕەوتی سەدر گەڕانەوەی بەهێزە لە هەڵبژاردنی 2025، بەپێی ئەم سیناریۆیەش سەدرییەکان دەرفەت و چانسی ئەوەیان هەیە وەك هێزێکی ئۆپۆزسیۆن لێشاوێك دەنگدەر بەرەو سندوقەکان بجووڵێنن و سەنگ و پێگەیان بەهێزتر بکەن و بە ڕێژەیەکی زیاتر ڕکابەرەکانیان بە جێبهێڵن. ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی کە ئەوان لە ئێستا دا بە ڕواڵەت بەشێك نین لەم سیستەمەی کە تووشی بایکۆت و ناڕەزاییەکی بێدەنگی جەماوەری بووەتەوە کە لە نزمبوونەوەی زۆری ڕێژەی بەشداریکردنی هەڵبژاردندا (26%) دەردەکەوێت.

لە نێوان هەردوو سیناریۆی پەنابردن بۆ گرژی و خۆپیشاندان، یان گەڕانەوە بۆ ڕکابەریی سیاسی لە هەڵبژاردنی 2025، سەدر لە ڕێکخستنەوەی کاروباری نێوخۆیی ڕەوتەکەی نەوەستاوە و لە کار بەردەوامە. لەو نێوانەشدا ڕێکخستنی "البنيان المرصوص" کە پرۆژەیەکی سیاسی و خزمەتگوزاریی خۆی و ڕەوتەکەیەتی بەردەوامە لە کۆکردنەوەی ئەندامی زیاتر.لە نوێترین پێشهاتیشدا پڕکردنەوەی فۆرمی کردووە بە ئەلیکترۆنی و کۆدی بایۆمەتری. ئەمەش ئاماژەیە کە سەدرییەکان هاوتەریب لەگەڵ بایکۆت و دوورکەوتنەوە لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی ناوخۆیی خۆیانن. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە لەو ماوەیەی کە لە کێشمەکێش و دەمەقاڵێی سیاسی دوور بووە، سەدر بەردەوامە لە ئامۆژگاری ئایینی و ئاراستەکردنی مەزهەبیانەی جەماوەرەکەی.

ئەمەش پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورەیە بۆ سەدرییەکان کە لەپاش گۆشەگیریی ئایەتوڵڵا حائیرییەوە بەبێ مەرجەعی تەقلید ماونەتەوە. ئەگەر لەم گۆشە گیرییە سیاسییەشدا سەدر پێگە و پلە ئاینییەکەی خۆی بەرز بکاتەوە یان بە هەر ڕێگایەك چارەسەری بۆشایی شەرعیەتی مەزهەبیی سەرکردایەتی ڕەوتەکەی بکات، ئەوا دەشێ وەك براوەی گەورە تەماشا بکرێت، چونکە سەرمایە و بنکەی گەورە و سەرەکیی سەدر کایە ئایینی و سەرمایە مەزهەبییەکەیەتی و دەسکەوتە سیاسییەکانیشی هەر بەرەنجامی ئەوەن. هەرکات یەکەمیانی بەهێز کرد، ئەوە دووەم لە حوکمی مسۆگەردایە چونکە سەدر خاوەن دەنگدەری نەگۆڕ و گوێڕایەڵە و هەر کات بیەوێت دەتوانێت ببێتە خاوەنی فراکسیۆنی بەهێز و بەم هۆیەشەوە، بە ئاسانی پشك و پێگەی سیاسی هاوتا لەگەڵ سەنگ و کاریگەرییە مەزهەبییەکەی مسۆگەر دەکات.